# پەرلەمانتار بۆ هەمیشە!!

**هەردی مەهدی میکە**

Hardi_mahdi@yahoo.com



هەر کە باسی پەرلەمانتار و کۆشکی پەرلەمانت بۆ دەکەن، دەسبەجیٚ ئەوەت بیردێتەوە، موچەکەیان چەند زۆرە و ئەرکیشیان چەند کەمە، حەسانە و ئیمتیازیان چەندێکە، کەم نوتقییان و کەمجورئەتیشیان چەند زۆرە، چەندێك دەنگی زۆریان هێنا و چەند بێباك بوون بەرامبەر ئەرك و بەرپرسیاریان.

لێرەدا با نەچینە سەر ئەو قەوانە کۆنە، بەلاّم ئەوەی لەم بابەتەدا جێی گرنگی بێت، قسەکردنە لەو عەقڵیەتە هەڵپەخوازیەی کە هێندەی تەماحی لە پەرلەمانتاریە بۆ پارە و بەرزکردنەوەی کۆشك و ژیانێکی پڕسەرمایە، ئەوەندە پەرلەمانتار نییە بۆ بەرپرسیاریٚتی و هەڵگرتنی ئەو خەمە قوڵەی کە لەدەنگی هاولاّتیدا کۆبویەوە و بە لەتە وەرەقەیەك خستیانە ناو سندوقێکی کوێرەوە تا لەوێوە پەرلەمانتارێکی لیٚ هەڵبژێرن و لە سبەینێدا جەنگێکیان بۆ بکات، خەمێکیان بۆ بخوات، داکۆکی لە ماڤ مافخوراوێك بکات، بەرگری لە قیرتاوی گەڕەکێکی کۆنی کەلار بکات بۆ قیرتاو، سەرقاڵی داکۆکی بێت لە بوژاندنەوەی باخچەیەکی مردووی قەلاّدزیٚ، گەڕەکێکی کۆنە عاشقانی هەڵەبجە ئاوەدانکاتەوە و دەنگی بۆ بدات...

هیچ، هیچ ئەمانە هیچیمان نەدی ئەوەنەبێت ، ئاغای پەرلەمانتار  هەر خەریکی مامەڵەی نەسریە سەیارە و تەجهیزی ناوماڵ و بەنزین و کەسابەتی لابەلاّی بازرگانیین، ئەمە با موچە زۆرەکەیان بوەستێت ناهەقیشیان نییە کەسێك لەپڕدا کەوتبێت بەم بارەدا و ئەو موچە فراوانەی لەبەردەستدا بێت ئیٚ خۆ هەر دەبێت بەر لەماڵ و گەڕەکی خەڵك خەرکی ماڵەکەی خۆیی و خۆکردنە ئەندام پەرلەمان بێت لە روی روخسار و کۆشکەکەیەوە کە پێشتر لە ئۆردوگایەك یان ناحیەیەکی دورەدەست یان پێشمەرگەیەکی داماوی بێدەرەتان بووە (گەر وابێت و خوا بەگوناه نەینوسیت مستەشار نەبوبێت)، رەنگە ئەمە بۆ هەندێکیان تۆمەت بێت بەلاّم بۆ زۆربەیان زۆر راستە و سەددەرسەدە.

لەهەمووی قورستر و سەیرتر ئەوەیە هەندێکیان تەنها بۆ هێندە هەڵپەی پەرلەمانتاریانە، نەك بۆ ئەوەی خەمی دەنگە پێدراوەکانیان بخۆن، بەڵکو بۆ ئەوەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا کە ماوەی ئەرکی بێئەرکیان تەواوبوو، خانەنشین بکرێن و ئیتر دوشەش و بیٚ ئەرك و ژیانێکی خۆشی بێکار بە موچەیەکی بەرزەوە بەرێکەن، ئەوکات لەروی پارە و سامانەوە بۆ هەمیشە پەرلەمانتار لەروی مافەوە و هاولاّتی و کەسایەتیەکی دیاریش و بە ئیسراحەت دەشتوانیٚ یاداشتە بێماناکانی خۆی بنوسێتەوە پڕیکات لە درۆی کورت کورت.

لێرەدا پێشنیارەکەم هەر ساڵە و کۆمەڵیچکی زۆر لە هاولاّتیان بکەنە پەرلەمانتار و خێرا خێرا خانەنشینیان بکەن تا هەموو لایەك لەو نیعمەتەی هەرێم بیچبەش نەبن، تا وای لێدێت دەبینە ولاّتێك لە داهاتوودا هەمووی پەرلەمانتار و ژیانێکی خۆش، هەر ماڵە و شەش تا حەوت فلیپینیش ناوماڵەکانمان **بۆ پاکدەکەنەوە**.